منداڵانی کوردستان قوربانی گەمەی گەورەکانن!

(6/1)ی هەموو ساڵێك ڕۆژی جیهانی منداڵانە، بەڵام ئایا منداڵانی کوردستان تا چەند ئاشنایەتی‌و ئاگاداریان لەم ڕۆژە هەیە کە گوایە جەژنی ئەوانیشە. ئایا بەڕاستی ئەو جەژنەش وەکو هەموو جەژنەکانی تری وڵاتەکەمان جگە لە بۆنەیەکی سادەو ساکار جگە لەوەی لەم یادەدا مانشێت و سەردێری ڕۆژنامە خۆیان پێوە سەرقاڵ دەکەن تۆ بڵێی ئەم یادە لە نێو دڵی منداڵانی کوردستان جێگای بێتەوە، 6/1 ڕاستە ڕۆژی جیهانی هەموو منداڵانە بەڵام لەم وڵاتە بە تەنها منداڵە دەوڵەمەندەکان یادی دەکەنەوە چونکە منداڵە هەژارەکان جەستەیان لەبەر خۆرەتاوو پەنجەکانیان لەنێو فڵچەی بۆیاغ کردن و چاوەکانیان لە ئاستی ستەمی ڕۆژگار وەکو مۆم دەسووتێت و بۆیەش لەبارەی جەژنەکەیان هەواڵێکیش نازانن. ئێمەش لەم ڕۆژەدا جگە لەم ڕیپۆرتاژە هیچی ترمان نەبوو پێشکەش منداڵانی بکەین:

ئا/ هیوا

هاژە عەبدولڕەحمان /پۆلی چوارەمی سەرەتایی

+هاژەخان دەزانی ئەمڕۆ جەژنی منداڵانە؟

-بەڵێ دەزانم.

+هاژەخان پیرۆزباییت لە هاوڕێکانت کردووە؟

- نا بەس دایك و باوك و خوشك و براکانم پیرۆزباییان لێکردم، باوکیشم گوتی: ئێوارە دەچینە باخچەی پەپولەکان.

+ئێمەش پیرۆزباییت لێ دەکەین.

- سوپاستان دەکەم.

کچێکی جوانکیلە بەناوی دەریا تەمەن (11) ساڵە ماوەی ساڵێك دەبێت گەڕاوەتەوە کوردستان

+ دەریاخان دەزانی 6/1 چ ڕۆژێکە؟

- ئەی چۆن نازانم ڕۆژی جیهانی منداڵانە.

+ دەریاخان ئێوە لە سوید لە ڕۆژی جەژنی منداڵان چیتان دەکرد؟

- من لەگەڵ خوشکەکەم‌و لەگەڵ دایك‌و باوکم دەچووین بۆ ئاهەنگ چونکە لە سوید هەموو ساڵێك ئاهەنگ‌و شانۆگەریمان بۆ دەکرێت پیرۆزبایی لە هاوڕێکانم دەکەم.

+ دەریاخان جەژنی منداڵان لە کوردستان چۆنە؟

- ئێوە لە کوردستان هیچ منداڵتان خۆش ناوێ چونکە ئێوە لە منداڵ دەدەن نابێ چۆن دەبێ منداڵ لێی بدرێت لێدان بۆ منداڵ نەهاتووە منداڵ هەرچی بکات نابێ قسەی پێ بگوترێت چونکە نازانێ.

+ باشە دەریا خان گەر منداڵەکە زۆر شەیتان بوو؟

- شەیتانیش بێت نابێ لێی بدرێت دەبێت پێی بڵێی وا مەکە بە خۆشی قسەی لەگەڵ بکەن بەڵام ئێوە بە هەموو شتێك لە منداڵ دەدەن.

+ دەریاخان دەچیت بۆ قوتابخانە؟

- لەسوید دەچووم پۆلی چوار بووم بەڵام لە کوردستان لەبەر مامۆستا ناچم چونکە لێم دەدات.

+ دەریا خان مامۆستا لە قوتابی نادات گەر زۆر شەیتان نەبێ.

- بە تووڕەییەوە گوتی: نابێ چۆن دەبێ ئەی بۆ ناوی منداڵە گەر شەیتانی نەکات.

+ دەریا خان پیرۆزبایی جەژنت لێ دەکەین؟

- سوپاس

ڕێدار سەرتیپ منداڵێکی تەمەن (11) ساڵەو کاری بۆیاغی دەکات دەڵێ لە قوتابخانە ناخوێنم چونکە ئێش دەکەم بۆ ماڵەوە.

+لەماڵەوە چەند سەرخێزانن؟

- 12 کەسین.

+ ئەی جگە لە تۆ کێ کارتان بۆ دەکات؟

- بابم‌و برایەکم.

+ 6/1 دەزانی چ ڕۆژێکە؟

- جومعەیە.

+ مەبەستم ئەوەیە ئەمڕۆ جەژنی‌منداڵانە دەزانی؟

- نەخێر.

+ کاك ڕێدار ڕۆژانە چەند کاتژمێر کار دەکەی داهاتی ڕۆژانەت چەندە؟

-لە بەیانی هەتا سەعات (8)ی ئێوارە کار دەکەم ڕۆژێ (7) دینار قازانج دەکەم.

+چ لە پارەکەی دەکەی؟

-پارەکە هەموو دەدەمە دایکم تەنها دینارێك بۆ خۆمە.

+ئێمەش سوپاست دەکەین‌و پیرۆزباییت لێ دەکەین.

-مەمنون.

مەریوان ئەحمەد منداڵێکی کەم ئەندامەو هەردوو قاچی تەواو نییە تەمەنی (13) ساڵە

+کاك مەریوان دەخوێنی؟

-دەخوێند ، پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم باوکم مرد دایکیشم ئەقڵی تەواو نییە.

+ئەی کێ کارتان بۆ دەکات؟

-برایەکم کار دەکات منیش پاکەت دەفرۆشم.

+کاك مەریوان دەزانی ئەمڕۆ جەژنی منداڵانە؟

-ئەوجا بە ئێمە چی با هەموو ڕۆژێ جەژن بێ.

+سوپاست دەکەین.

-ئەمنیش سوپاستان دەکەم.

کەریم شێرکۆ سلێمان تەمەنی (12) ساڵە پۆلی شەشەمی سەرەتاییە لە قوتابخانەی گەرمیان

+کاك کەریم دەزانی ئەمڕۆ جەژنی منداڵانە؟

-بەڵێ دەزانم.

+کاك کەریم چ کار دەکەی؟

-خۆم لەگەڵ دوو برای تەرم ڕۆژنامە دەفرۆشین.

+لە کەیەکەوە ئەم کارە دەکەی؟

-چوار ساڵ دەبێت.

+لە قوتابخانە دەچووی؟

-هێشتا کارتم وەرنەگرتۆتەوە.

+ئەی ئەمڕۆ جەژنە چۆنە هاتووی بۆ کار؟

-ئاخر دەبێ هەموو ڕۆژێ بێم.

+دایك‌و باوکت پیرۆزباییان لێ کردووی؟

-نەخێر چونکە بەیانی زوو هاتینە دەرەوە.

نائلی شێرکۆ سلێمان تەمەن (13) ساڵ پۆلی دووەمی ناوەندی لە قوتابخانەی ئیبن مستەوفی:

+لە ڕۆژی جیهانی منداڵان هەست بەچی دەکەیت؟

-هەست بەئاسوودەیی دەکەم کە منداڵان ئەمڕۆ جەژنیانە، بەڵام منداڵ لای ئێمە گرنگییەکی باشی پێنادرێ.

+کاك نائلی ماوەی چەند دەبێ کار دەکەی ئایا کارەکەت کاری لە خوێندن نەکردووە؟

-ماوەی شەش ساڵ دەبێت لەگەڵ دووبرام کار دەکەم، هەر لەبەر کارەکەشم بوو لە ساڵی ڕابوردوو لە قوتابخانە دەرنەچووم.

+ئەو بڕە پارەیەی کە ڕۆژانە دەستت دەکەوێ چی لێ دەکەی؟

-هەندێك بۆ خۆم‌و ئەوی تریش بۆ دایکم.

+لە کۆتایی دا چ داواکارییەکت هەیە؟

-هیوادارم گرنگی بە منداڵان بدرێ‌و باخچەی ساوایانیان بۆ بکرێتەوە.

بارزان زیاد پۆلی چوارەم لە قوتابخانەی هەژاری سەرەتایی.

+ئەزانی 6/1 چییە؟

-ڕۆژی جیهانی منداڵانە.

+چۆن دەزانی؟

-شەو لە تەلەفزیۆن وەی گوت.

+چ کار دەکەی؟

-شقارتە دەفرۆشم.

+کاکە بارزان کەس پیرۆزبایی لێ کردووی؟

-نەخێر، چونکە ماڵەوە نەیانزانیوە.

+سوپاس‌و پیرۆزباییت لێ دەکەین.

-سوپاس.

ئەحمەد عەلی عەبدوڵڵا

+کاکە ئەحمەد دەزانی ئەمڕۆ جەژنی منداڵانە؟

-نەء

+بۆ نازانی کەس پێی نەوتی؟

-نەخێر کەس پێی نەوتم، لە قوتابخانەش نیم تا مامۆستاکانم پێم بڵێن، دایکیشم نازانێ، پارەکەش ئاگام لێ نەبوو، بەڵام لە تەلەفزیۆن دیتم حەفلەیان بۆ منداڵان دەکرد، ئەوجا زانیم.

+بۆچی لە قوتابخانە نیت؟

-پۆلی یەکی سەرەتایی بووم دایکم گوتی دەبێ ئیش بکەی لەو کاتەوە ئیش دەکەم.

+کارەکەت چییە؟

-پارەی دڕاو دەکڕم.

+ڕۆژانە چەند قازانج دەکەی؟

-7 تا 8 دینار .

+ئەی باوکت ئیشی چییە؟

-باوکم نەماوە تەنها لەگەڵ برایەکی بچووکم ئیش دەکەم.

+پیرۆزباییت لێ دەکەین.

هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسی

نووسینی (د. القیس الیاسری)

وەرگێڕان‌و ئامادەکردنەوەی: سەلام کەریم زانکۆی سلێمانی

خوێنەری بەڕێز ئەوەی لەم ئەڵقەو ئەڵقەکانی دوایدا، ئاشنای دەبیت بەشی یەکەم‌و دووەمی کتێبی "فنون الصحفية"ی پرۆگرامی قۆناغی سێیەم/ بەشی ئێزگەو تەلەفزیۆنی کۆلێژی ئاداب زانکۆی بەغدایە، لە نووسینی دکتۆر قیس الیاسری مامۆستایی یاریدەدەر لە بابەتی تەحریری ڕۆژنامەنووسی.

ئەوەشی من پێهەستاوم وەرگێڕان‌و کورتکردنەوەی بابەتەکانەو دابەش کردنی بۆ ئەڵقەی سەربەخۆ، بە جۆرێك لەگەڵ بیرو هزری خوێنەرو ڕۆژنامەنووسی لای خۆماندا کۆك و گونجاو بێت.

دکتۆر یاسری لە بەشی یەکەمدا، هەوڵی ناساندن و لێکۆڵینەوەی چەند چەمکێکی ڕۆژنامەنووسی داوە لەوانە.. ڕۆژنامەی (را)و ڕۆژنامەی (هەواڵ)، پەیامی ڕۆژنامەنووسی، بۆ بەشی دووەم، هەندێ بابەتی پەیوەندیدار بە تەحریری ڕۆژنامەنووسی خستۆتە روو..

ڕێگای کوردستان

ئەڵقەی یەکەم ——— بەشی یەکەم

چەمکە ڕۆژنامەنووسییەکان:

1

پێشینەیەکی مێژوویی

"ڕۆژنامەکان بەم شێوەی ئێستایان بە کۆنترین دەستاوێژەکانی پەیوەستی جەماوەری دادەنرێن".

سەرەتاکانی سەرهەڵ<انی ڕۆژنامەگەری لە سەردەمی نوێدا ، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەمی زایینی لە ئیتاڵیا ، بەدوای ئەویشدا ئینگلتەرە و ئەڵمانیا بە پلەی دووەم‌و سێیەم دێن، ئەو کات جۆرێك لە ڕۆژنامەی نووسراو هەبووە.. بازرگانەکانی هەواڵ بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی هەندێك لە بازرگانەکان دەیاننووسییەوە(1).

لە کۆتایی سەدەی ناوبراو یەکەم ڕۆژنامە بە ناوی (Lorensjonsoh) بە شێوازی هەڵکۆڵینی سەر تەختە بڵاوبۆوە، پاش ماوەیەکی کەم‌و لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەمدا. چاپکردن بە پیتی لە یەك جیا (المتفرقة) لەسەر دەستی داهێنەری ئەڵمانی (یوحنا گوتەنبەرگ) بۆ یەکەمجار داهێنرا. لەو کاتەوە ڕاپۆرتی چاپکراو لە هەندێك لە شارەکانی ئەورووپادا هەبووە.. لە گرنگترین ئەو ڕاپۆرتەی چاپکراوانە: ئەو ڕاپۆرتەیە کە گەریدە "کریستۆف کۆلۆمبۆس" بۆ پادشایی ئیسپانیایی ناردووە هەواڵی سەرجەم دۆزینەوەکانی کۆلۆمبۆسی لەخۆوە گرتووەو لە (بەرشەلۆنە) چاپکراوە(2).

ساڵی (1589) یەکێك لە خانەدانە (نبلاء) نەمساوییەکان. بڵاوکراوەیەکی ساڵانەی هەبووە، ڕووداوەکانی ساڵێکی ئەورووپایی تێدا تۆمار کراوەو لە پێشەنگای فرانکفۆرتی ساڵانەدا فرۆشراوە. دواتر بڵاوکراوەکە بوو بە ساڵی دوو جارو بەم شێوەیە (10) ساڵ بەردەوام هەبووە ، لە ساڵی (1605)یشدا خانەدانێکی تر بڵاوکراوەیەکی هاوشێوەی دەرکرد هەر لەو ماوانەدا ، دوو بڵاوکراوەی تر هەبوون. بۆ ماوەی (10) ساڵ ڕۆژنامەیەکی هەفتانە: سەرەتا لە (ئیمستردام)و دواتر لە (بال)و (ڤێنا)و (فرانکفۆرت)و (هامبۆرگ)و (بەرلین) و (کرانسك) دەرچووە(3).

یەکەم چاپکراوی دەوریی لە (1622)و یەکەم ڕۆژنامەی دەوریی لە ساڵی (1625) لە ئینگلتەرە دەرچوون، لە فەڕەنساش یەکەم ڕۆژنامەی دەوریی لە (1631)و یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە ساڵی (1777) دەستی بە دەرچوون کردووە.

بە درێژایی سەدەی هەژدەم کۆمەڵێك ڕۆژنامەی هاوشێوە لە سویدو ئیسکوتلەندا و هۆڵەندەو ئیسپانیاو ئیتاڵیاو دانیمارك بڵاوکراونەتەوە ، هەرچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشە (بنیامین هاریس) ڕۆژنامەنووسی ئینگلتەرایی پەناهەندە. ساڵێ (1690) یەکەمین بڵاوکراوەی ئەو وڵاتەی دەرکردووە ، دوایی دەرچوونی ژمارە یەکی ڕۆژنامەکە.. داخراوە ، بە دوای ئەویشدا (جۆن کامبڵ) ساڵی (1704) ڕۆژنامەی (The Bosonnews letter) ی دەرکردووە ، ئەم ڕۆژنامەیە ماوەی دەرچوونی (72) ساڵی خایاندووە.

یەکەم ڕۆژنامەی ڕووسی ساڵی (1703)و یەکەم ڕۆژنامەی چیکی ساڵی (1710)و یەکەم ڕۆژنامەی پۆڵۆنی ساڵی (1729) دەرچووە ، تا ئەو دەمەش وڵاتەکانی بەڵقان ڕۆژنامەیان نەبووە.

گەشە سەندنی چاپەمەنی‌و پیشەسازی کاغەزو فراوانبوونی خزمەتەکانی پۆستەو گەیاندن. ڕۆڵێکی گەورەیان لە پێشکەوتن‌و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەگەریدا بینیوە(4).

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا زمانێك نەماوە لە جیهانیدا ڕۆژنامەی پێ دەرنەچێت‌و ڕۆژنامەگەریش بە پەیوەندییەکی پتەو بەستراوەتەوە بە بزوتنەوە سیاسی‌و فیکری‌و ئایینی‌و کۆمەڵایەتییەکانەوە.

2

ڕۆژنامەی ڕۆژانەو چاپکراوی دەوری

مەبەست لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە. ئەو چاپکراوەیە. کە ڕۆژانە دەردەچێت‌و بە شێوەیەکی ڕێك‌و پێك بڵاودەبێتەوە بە زۆریش ڕۆژنامەی سیاسین.

هەرچی چاپکراوی دەوری هەیە.. بریتییە لەو بڵاوکراوانەی بەشێوەیەکی بەردەوام "هەفتانەیە" یان "مانگانە" یان "وەرزی" وەیان "ساڵانە" دەردەچن. نزیکترین چاپکراوی دەوری لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەوە ، گۆڤاری هەفتانەیە چونکە ئەگەر داڕشتنی ڕۆژنامەکە بریتی بێت لە "کەمێکی هەموو شتێك لە یەك ڕۆژدا" ئەوا داڕشتنی گۆڤارەکە بریتییە لە "کەمێکی هەموو شتێك لە هەفتەیەکدا". هەریەك لە چاپکراوی "مانگانە" و "وەرزی" و "ساڵانە" بەزۆری تایبەتن بە یەکێك لە کێڵگەکانی مەعریفە یان بوارێکی چالاکی مرۆڤی وەك هونەر ، زانست ، تەندروستی.. هتد ، لێکۆڵینەوەی قووڵ‌و شێلگیرانەیەو هەمەڕەنگی لە بابەتەکانیدایە.

لێکۆڵەری فەڕەنسی "بیار بیر" لە کتێبەکەی "الصحافه" دا. ڕۆژنامەو چاپکراوەکانی تر بەسەر چەند کۆمەڵێکدا دابەش دەکات: لە ڕووی کاتی دەرچوونەوە ڕۆژنامەی بەیانیان‌و ڕۆژنامەی ئێواران جیا دەکاتەوە ، لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە باس لە ڕۆژنامەی میللی (Tablold)و ڕۆژنامەی ڕەسەن دەکات. لەبارەی جۆری یەکەمەوە: (Tablold) ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژنامەگەری ئەمەریکی سەدەی نۆزدەم.. لە خەسڵەتەکانی: نرخی هەرزان ، ناونیشانی گەورەوسەرنج ڕاکێش ، دەقی کورت ، زیاتر مەبەستی ئەم جۆرە لە ڕۆژنامە بزواندن‌و ئاڕاڕوبردنە لەوەی سوود گەیاندن بێت(5).

یەکەم نوێنەری ئەم ڕۆژنامەیە ، ڕۆژنامەی (The Newrok sun)ە کە ساڵی (1833) لە لایەن (بنیامین دای) یەوە دەرچووە.

لە فەڕەنساش ڕۆژنامەنووس (امیل دو جیراردین) دامەزرێنەری ڕۆژنامەی هەرزانە بە ناوی (Lapresse) لە ساڵی (1836). ڕۆژنامەی هەرزان ، دیاردەیەکی نوێی هێنایە نێو جیهانی ڕۆژنامەگەرییەوە خاوەنی ڕۆژنامەکان لە ڕێگەی ستوونی فرۆشراو بە شیرکەتەکان ، دەرامەتی ڕۆژنامەکەیان دەردەکرد ، بەمەش ڕۆژنامە بوو بە خاوەنی ئابووری سەربەخۆ ، خوێنەریش بوو بە هۆیەك لەبری ئەوەی ئامانج بێت ، لە گەشەسەندنی ئەم جۆرە ڕۆژنامەوە ڕۆژنامەی زەرد هاتە کایەوە. کە گوزارشتە لەو ڕۆژنامانەی گیانی هەستکردن بە لێپرسراوێتیان تێدانییە.

دابەش کردنێکی تری ڕۆژنامەکان لای (بیر) هەیە ، یەکەم ڕۆژنامەی نیشتمانی یان نەتەوایەتی کە بریتین لەو ڕۆژنامانەی بەسەر تاسەری وڵاتدا بڵاودەبنەوەو چارەسەری کێشە گشتییەکانی کۆمەڵگا دەکات‌و نابەسترێتەوە بە سنوورێکی دیاری کراوی شارێك یان هەرێمێکەوە ، خوێنەر لە ڕێگایانەوە ئاشنای گرنگترین ڕووداوەکانی وڵاتەکەی‌و جیهان دەبێت. دووەم: ڕۆژنامەی هەرێمی ، مەبەست لەو ڕۆژنامانەیە گرنگی‌و بایەخ بە شارێك یان هەرێمێك دەدات. زۆر جار بە مانشێتی گەورەو سەرەنج ڕاکێش دەڕازێنرێتەوەو هەواڵی وای تێدا بڵاودەکرێتەوە کە شیاوناییە بۆ ڕۆژنامە نەتەوەیی‌و جیهانییەکان لە ڕووی خاوەنداریشەوە دەکرێت خاوەنی ڕۆژنامەکی تاك یان کۆمەڵ یان ڕێکخراو یان حزب یان حکومەتێك بێت.

ڕۆژنامە بە شێوەیەکی گشتی ، یەکێکە لە پیشەسازییە گەورەکانی جیهان‌و سەدان هەزار خەڵکی لە سەرنووسەرو کارمەندو پەیامنێرو وێنەگر.. تەوزیف کردووە(6).

پەراوێز:
1.د.خلیل صابات. الصحافة الرسالة ءاستعداد وعلم وفن: القاهرة: ص 75
2.الصحافة العهالمية: مجموعة مؤلفين. باللغة البولونية : وارشو ص 62
3.سەرچاوەی پێشوو.. ص64
4.سەرچاوەی پێشوو .. ص72
5.بيار البير الصحافة. ترجمة محمد برجاوی: بيروت ص18
6.جورج. ر. بيتنر. الأتصال الجماهيری مدخل: ترجمة د. عمر الخطيب بيروت ص 44

سەرچاوە:
کتێبی "الفنون الصحفية" چاپی بەغداد / 1992